# بۆ ژنانی ئازادیخوازی کورد

هەندرێن حەمەدەمین
handren88@hotmail.com



ئەگەر بە پیرۆزبایی دەست پێناکەم و راستەوخۆ زمانی رەخنە بەکاردێنم، هیوادارم کە بتوانن بە ئاستێکی رۆشەنبیری بەرز وەک ئەوەی کە خۆم لێتان چاوەڕوانم، بتوانین گفتوگۆیەکی شارستانیانە و هاوڕێیانە لەگەڵ یەکتر بکەین کە ببێتە زەمینەیەک بۆ کۆکردنەوەی هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی خەلکانی پێشکەوتووخوازی کورد بە( ژن و پیاو) کە من ناتوانم هیچ کاتێک بە هیچ شێوەیەک لە یەکتریان جیا بکەمەوە، واتە ژن و پیاو هیچ کاتێک بریتی نەبوونە لە دوو هێزی دژ بەیەکتر، بەلکو بە پێچەوانەوە وەک بەردەوام گووتومە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن.

ئەوەی کە ژن و پیاو لە یەکتر جیا ئەکاتەوە تەنها بریتیە لەو بیر و باوڕەی کە کۆمەڵگا ئەکات بە دوو بەشی سەرەکی، واتە پێشکەتووخوازان و دواکەوتووخوازان، هەر یەک لەم دوو بەشە لە ژن و پیاوەوە پێکدێن، بەم شێوەیە ئەتوانین بڵێین کە جیاوازی و ناکۆکیەکی ئاشکرا لە نێوان ژنی پێشکەوتووخواز و پیاوی دواکەوتووخواز هەیە، وە بە هەمان شێوە جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان پیاوی پێشکەوتووخواز و ژنی داوکەوتووخواز هەیە، ئەلێرەدا ژن و پیاو لەیەکتر جیا ئەبنەوە وەک چۆن ژنی پێشکەوتووخواز لە ژنی دواکەوتووخواز وە پیاوی پێشکەوتووخواز لە پیاوی دواکەوتووخواز جیا ئەبنەوە.

من دڵنیام کە ئێوەش ئەڵێن ئێمەش هەمان باوڕمان هەیە، بەڵام من پێم وایە کەم تا زۆر جیاوازیەک لە بۆچوونەکانماندا هەیە، من لە ناوەکەوە دەست پێئەکەم ( ژنانی ئازادیخوازی کورد ) ، ئێوە مەبەستان بێت یان نا ئەم ناوە خۆی لە خۆیدا لە یەکتر جیاکردنەوەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازە لە یەکتر، چونکە تایبەتمەندیک ئەدرێت بە ژن وەک ئەو تایبەتمەندیەی کە پیاوانێک لە دامەزراندنی رێکخراو یان حیزبێکی سیاسی ئەیدەن بە پیاو، دیارە ئاشکرایە کە تا ئێستا بە تایبەت لە کوردستان هیچ حیزبێک و رێکخراوێک نیە نکۆلی لە ژن بکات بە واتەی ئەوەی کە هیچ مافێک بە ژن نەدات، بەلکو بە پێچەوانەوە هەر هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان بە ئیسلامیەکانیەوە پاگەندەی ئەوە ئەکەن کە ئەوان باشترین پارێزگارن لە مافەکانی ژن وە ژنان تەنها لە رێگای ئەوانەوە ئەتوانن بە مافە رەواکانی خۆیان بگەن. بۆیە یەک لە کارە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی هەر حیزبێک و رێکخراوێک هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەوەیە کە دەبێ رێکخراوێکی ژنانەیان هەبێت، دیارە تا ئێستاش هیچ حیزبێک و رێکخراوێک نەبووە و نیە کە نەیتوانیبێت لە تەک خۆیدا رێکخراوێکی ژنانە دابمەزرێنێت و کۆمەڵێک ژنی تیا کۆنەکاتەوە، من لەگەل ئێوە کۆکم کە ئەم رێکخراوانە تەنها بریتین لە پاشکۆیەک بۆ حیزبەکان و هیچیتر، من ئەوەش ئەخەمە سەری کە بڵێم ئەم رێکخراوانەی ژنان گەورەترین بەربەست بوونە لەبەردەم ژنان و سەرچاوەی چەواشەکردنی ژن بوونە لە تەک پیاوانی کۆنەپەرست و دواکەوتوو، با بە ئاشکرا ئەوەش بڵێم کە من مەبەستم ئەو رێکخراوە ژنانەشە کە خۆیان بە رێکخراوی ژنانی پێشکەوتووخوازی حیزبە بە ناو پێشکەوتووخوازەکان دائەنێن.

من گومانم لەوە نیە کە ئێوە سەر بە حیزبێک یان رێکخراوێکی سیاسی بن، بەڵام لەو باوڕە دام کە بەلایەنی کەم پیاوێک لە پشت ئەم دامەزراندنەی ئێوە هەیە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ، ئەوەش لە گرنگی کارەکەی ئێوە کەم ناکاتەوە بەلکو بە پێچەوانەوە کارەکەتان بەرەو باشتر و باشتر ئەبات ئەگەر ئەم پیاوە یان ئەم پیاوانە هیچ ئامانجێکی تایبەتی یان پرۆژەیەکی سیاسی پیاوانەیان لە ناوەوەی خۆیان هەڵنەگرتبێت، من مەبەستم ئەوە نیە کە گومان بخەمە سەر ئەو پیاوانە بەلکو بە پێچەوانەوە من دەستخۆشیان لێئەکەم کە بە هەر شێوەیەک ببووبن بە فاکتەری ئەوەی کە ئێوەی ئازادیخواز بەرەو دامەزراندنی رێکخراوێکی ئازادیخوازانە ببەن، جیاوازیەکەی من لەوەوەیە کە ئەبێ بە ئاشکرا و بەبێ پێچ و پەنا کاری هاوبەشی نێوان ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بە یەکەوە بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازیەک لە نێوانیاندا هەبێت.
ژنانی ئازادیخوازی کورد ئەگەر بەم ناوەوە خۆیان لە پەنای پیاوانێک بشارنەوە یان پیاوانێک بکەن بە پەراوێزی خۆیان ئەوا هیچ جیاوازیان نابێت لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە لە پەنای ژنانەوە کار دەکەن یان ژنان ئەکەن بە پەراوێز لە کارکردنی خۆیاندا.
بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە کە ناوەکەی لە رێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کورد بکرێت بە رێکخراوی ئازادیخوازانی کورد وە تیایدا دەنگی ژنان بە هەمان ئاستی پیاوان بێت و هیچ جیاوازیەک لە ئەرک و مافی ژن و پیاواندا نەبێت بە هیچ بیانوێک.
لە هەمان کاتدا با ئەم رێکخراوە ببێتە یەکەم ئەزمونی ئازادیخوازانی کورد کە لە لایەکدا هاوبەشی و یەکسانی و هاوکاری ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەبێ هیچ جیاوازیەکی روکەشی یان ناوەرۆکی بخاتە نێوان ژنان و پیاوانی ئازادیخواز.
دوای ئەوە دێمە سەر ئەوەی کە بپرسم ئایا داخوازی ئازادی ئێوە لە چ کەسانێکە، ئایا داخوازی ئێوە لە پیاوانی ئازادیخوازە ؟؟ ئەگەر ئەوە بێت ئەوا هیچ مانایەکی نیە چونکە پیاوی ئازادیخواز داخوازی ئازادی لێناکرێت بەلکو خۆی کارانگێڕە بۆ داخوازی ئازادی، بەمەش کاری هاوبەشی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز ئەبێتە پێداویستیەک کە هێز و توانا بداتە بەر رەوتی ئازادیخوازی لە ناو کوردda، ئەگەر داخوازی ئێوەی ئازادیخواز لە دەسەلاتە ئەوەش هەر هەمان شێوە وەک لە سەرەوە باسمان کرد دەسەلات و حیزبەکان لە پیاوان و ژنان پێکهاتووە ئەگەرچی ژنان تیادا پەراوێز کراون، بەڵام هەر ئەم ژنانەن کە کۆسپ و تەگەرەی راستین لەبەر دەم ژنانی ئازادیخواز بە پێچەوانەشەوە پیاوانی ئازادیخواز کە لە دەرەوەی ئەم حیزب و دەسەلاتەن هاوکار و هاوبەشی ئێوەن بۆ ئازادیەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازی نێوان ژن و پیاوان، بۆ ئەمەش جارێکیتر بەیەکەوە کارکردنی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز ئەبێتە پێداویستیەکی مێژوویانە بەرانبەر بە سیاسەتی کۆنەپەرست و داواکەوتوانەی دەسەلات کە ئەرکی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵە بە شێوەیەکی گشتی نەوەک هەر تەنها مافەکانی ژنان، نە مافی ژنان بەبێ مافی پیاوان دەستەبەر ئەبێت نە مافی پاوان بەبێ ژنان، ئەوەش ئەچێتە ناو ململانەیەکی سیاسیانەی نێوان هێزی پێشکەوتووخواز و هێزی داواکەوتووخواز کە لە سەرەتا باسمان لێوەکرد هەر یەکێک لەم هێزانە لە ژن و پیاو پێکهاتوون ئەوەی کە لە یەکتریان جیائەکاتەوە رەگەزی ژن و پیاوەتی نیە بەلکو بیر و باوڕە.
ئەگەریش داخوازی ئێوە لە پیاوانێکی دیل و ژێر دەستەیە، ئەوە ئەبێ بزانن کە داخوازی ئازادی لە دیل ناکرێت، پیاوان و ژنانێکی زۆری کورد دیلی ئیسلام و دینەکان و کۆمەڵێک داب و نەریتی دواکەوتووانەن کە تا ئێستا نەیان توانیوە خودی خۆیان ئازاد بکەن ئەی چۆن ئەکرێت داخوازی ئازادیان لێبکرێت ؟؟؟؟
بەمەش هەر ئەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە جارێکیتر بڵێین بە یەکەوە کارکردنی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز پێداویستیەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان و پیاوانی دیل و ژێر دەستەی بیر و باوڕە

کۆن و دواکەوتووەکان، من ئەزانم تا ئێرە لە زۆر شوێنە کۆک و هاوبیرین لەگەڵ ئەو جیاوازیانەی کە لە بۆچوونەکانماندا هەیە، بەڵام رەنگە ئەلێرە بکەوینە دوو تێگەیشتنی تا ئاستێک جیاوازتر لە جیاوازیەکانی پێشتر، ئەویش سەبارەت بە پیاوانە، زۆر لە ژنەکان و بەشێکی زۆری پیاوانی بەناو ئازادیخوازیش ئەکەونە ئەو هەڵەی کە گوایە پیاوان لە کۆمەڵگای کوردستان لە سایەی ئیسلام و دینەکان و داب و نەریتە کۆنەکاندا ئازادن و بە مافەکانی خۆیان گەیشتوون، منیش تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازم هەیە لەگەل ئەم تێگەیشتنە، من پێم وایە هەرگیز پیاو ئازاد نیە بەبێ ئازادی ژن وە بە پێچەوانەشەوە، واتە پیاوانی کورد بە هیچ شێوەیەک ئازاد نین وە ئازاد نابن تا ئەو کاتەی کە ژنانی کورد ئازاد نەبن، ئەلێرەش جیاوازیەکە بۆ جیاوازی تێگەیشتنمان بۆ ئازادی ئەگەڕێتەوە، ئەوانەی وا ئەبینن کە ئازادی بریتیە لە پاسەوانیکردنی کەسانیتر ئەوا زۆر بە هەڵە لە ئازادی تێگەیشتوون، کەسی ئازاد ئەوەیە کە بەبێ چاودێری کردنی هیچ کەسێک ژیانی خۆی ئەکات و بە هیچ جۆرێک دەست لە کاری کەسانێکیتر وەرنادات مەگەر بە داخوازی کەسەکان خۆیان، واتە هەر کەسێک کە بە ناوی ئازادی ئەکەوێتە چاودێری کردنی کەسەکانیتر و دەست لە ژیان و کار و باری کەسەکانی تر وەرئەدات بەبێ رەزامەندی کەسەکان ئەوا ئەو کەسە ئازاد نیە و ناتوانێت بە ئازادانە ژیانی خۆی بکات، بەلکو ئەکەوێتە ئەوەی کە تەمەن و کاتی خۆی بە چاودێری و پاسەوانی کەسانیتر بکوژێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە دیلیەتی و دەست بەسەریە، کەواتە ئەو تێگەیشتنەی کە هەیە سەبارەت بە ئەوەی کە پیاوانی ئیسلام و پابەستە بە داب و نەریتە دواکەوتووەکان پیاوانێکی ئازادن لە تێگەیشتنی من تەواو بە پێچەوانەیە.
کاتێک کە پیاوێک یان ژنێک خۆی لە ژێر فەرمایشتە ئیسلامی و دینیەکان و داب و نەریتەکان کۆمەڵێک کۆت و بەندی خستۆتە دەست و پای خۆی و خۆی لە زۆر لە ویست و حەزەکانی خۆی بێ بەش ئەکات چۆن ئەتوانێت باوڕ بە ئازادی کەسانیتر بێنێت، لە هەمان کاتدا ئەوانەی پێیان وایە کە دەستبەسەر کردنی ژنان لەلایەن پیاوان مافە ئەوە من ئەڵێم ئەو کەسە هیچ تێگەیشتنێکی مرۆیانەی بۆ ماف نیە، بەلکو ئەمە شێواندنی واتای مافە، چۆن ئەکرێت بڵێن پیاوێک مافی ئەوەی هەیە کە چوار ژن بێنێت، چۆن چوار ژنی ئەبێت بە ماف ؟؟ بەلکو راستر وایە کە بڵێین ئیسلام پیاوانی ئیسلامی بەوە چەواشەکردووە کە چوار ژنی بە ماف تێگەیاندوون، بەڵام ئایا لەڕستیدا ئەمە داخوازی پیاوانە تا ببێت بە مافی پیاوان ؟؟؟ خۆ ئەگەر ئەمە داخوازی پیاوان بوایە بە شێوەیەکی گشتی ئەوا ئەمانبینی کە لە هەموو ئەو دینانەی کە پیاوان دایانهێناوە ئەم فرە ژنیەیان داخواز ئەکرد یان ئەگەر نەیان کردبوایە ئەوە پیاوانیتر نە ئەچونە ژێر رکێفی ئەو دینانە، بۆ نمونە دینی مەسیحی کە مێژوویێکی درێژتری هەیە لە ئیسلام و خەلکێکی زۆرتریش بە هەر شێوەیەک بێت باوڕیان بە مەسیحیەت زۆرترە نەوەک بە ئیسلام، کەچی ئەم دینە رێگای بە پیاو نەداوە کە لە ژنێک زۆرتری هەبێت، لەگەل ئەمەش پیاوانێکی گەلێک زۆر چونەتە ژێر رکێفی ئەم دینە و هیچ هەوڵێکی ئەوەیان نەداوە کە ئەم تاکە ژنیە لە دینی مەسیحیەت بگۆڕن، ئەوەش بەلگەیەکی حاشە هەلنەگرە کە فرەژنی داخوازی و ویستی پیاوان نیە، بەلکو داهێنان و ویستێکی ئیسلامە بە تایبەت لە ناو ئێمەدا لەگەل ئەوەش ئەگەر سەرنج بدەین هەموو پیاوانی ئیسلام داخوازی فرەژنی ناکەن بەلکو زیاتر پیاوانێکی دەسەلاتدار و خاوەن سەرمایە و چاوچنۆک هەن کە نەوەک هەر داخوازی ژنی زۆر ئەکەن بەلکو داخوازی ئەوە ئەکەن کە هەموو شتێک بۆ ئەوان بێت و دەست بەسەر هەموو شتەکان دابگرن، ئەم پیاوانە هەر بەوە چاویان تێر نابێت کە زیاتر لە ژنێکیان هەبێت بەلکو بەردەوام لە کاری ئەوەدان کە پیاوانیش بخەنە خزمەتی خۆیان و هەموو شتە باشەکانی کۆمەڵ بۆ خۆیان بێت، مێژووی

مرۆڤایەتیش هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ئەم راستیانەی بۆ سەلماندووین، بە تایبەت لە مێژووی ئیسلام بە تەواوەتی ئەوە ئەبینین، موحەممەد تا ئەوکاتەی لە مەکە بە شێوەیەکی نهێنی خەریکی بڵاوکردنەوەی ئیسلامەکەی خۆی بوو تا ئەو کات هیچ بەدەستهاتێکی تایبەت بەخۆی نەبوو هەرچی هەبوو لە سەرمایەی موحەممەد بریتی بوو لە پارە و پولی خەدیجە، هەر بۆیەش تا خەدیجە لە ژیان بوو موحەممەد بەلای ژنیتردا نەچوو، بەڵام کاتێک کە خەدیجە مرد و هەموو سەروەت سامانەکەی کەوتە ژێر دەستی خۆی و توانی پیاوانێکیش بە ئیسلامەکەی خۆی فریو بدات ئەوجا کەوتە ئەوەی کە ژنیتر بێنیت و فرەژنیش بکات بە مافی پیاوان کە ئەمە هەرگیز ماف نیە، مەبەست لەم پیشەکیە ئەوەیە کە ئەمەوێت بڵێم فرەژنی داخوازی پیاو نیە، بۆیە نابێت بە ماف، بەلکو ویستی پیاوانێکە کە پاوانخواز و زاڵمن، پاوانخوازی و زوڵمیش هەرگیز و هەرگیز نابێت بەماف، کەواتە نابێت پیاو بەوە تاوانبار بکرێت کە داخوازی فرەژنی هەیە، ئەبێ ئیسلام تاوانبار بکرێت کە پیاوانی ئیسلامی بەوە چەواشەکردووە کە پارە و دەسەلاتیان بوو وەک چۆن پیاوانیتر ئەکەن بە بەردەست و کۆیلە و خزمەتکاری خۆیان ئاواش چەندین ژن بهێن، لەهەمان کاتدا ئەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئیسلام ژنانێکی زۆریشی بەوە فریوداوە کە فرەژنی مافی پیاوە هەر بۆیە ئەبینین زۆرجار ژنەکان کە ئەزانن پیاوێک ژنی هەیە لەگەل ئەوەش رازین بەوەی کە ببن بە ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم، من ناڵێم هەموو ژنان بە ویستی خۆیانە، ناشکرێت بڵێین هەموو ژنان بەبێ ویستی خۆیانە، چونکە باش ئەزانین کە چۆن پیاوانێک بوونەتە دیلی ئیسلام و ئامادەن ژیان و گیانی خۆیان لە پێناو ئیسلام دابنێن بە هەمان شێوە ژنانێکیش هەن کە بە هەمان شێوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیر و باوڕەکانی ئیسلام و خۆیان بە دەستەوە داوە.

بۆ ئەمەش دیسان پێویستە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و پێشکەوتووخواز بە یەکەوە کار بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەم ژن و پیاوە چەواشەکراوانە بکەن کە بوونەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا، خەباتیش نابێت هەر بۆ ئازادی یان مافی ژنان یان پیاوان بە جیایی و بە تەنیا بێت، چونکە نە ژن بەبێ ئازادی پیاو ئەتوانێت ئازادی خۆی دەستەبەر بکات نە پیاویش ئەتوانێت ئازادی خۆی بەبێ ژن دەستەبەر بکات، بەلکو ژن و پیاو ئەبێت بە یەکەوە لە پێناو مافەکانی تاک کە ژن و پیاو ئەگرێتەوە هەول و خەبات و کۆشش و تێکۆشانی خۆیان بکەن.

هیوادارم کە پەیامەکەم گەیشت بێت و بتوانین بە بۆچوونە جیاوازەکان رەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردی تەکانی زۆرتر و زۆرتری پێبدەین.........................................

٢٤ی ٢ی ٢٠٠٧